# پێشکەش بە رۆحی پاکی "دوعا" و
# چی ئەوانەی وەک دوعا بوون

**هۆنراوەی: ئاسۆ باوەجانی**
Babacani_aso@yahoo.com
aso_bawecani@yahoo.com



**<u>""درەختەکانی بێبەر و ئاوس""</u>**

ژوورێکی تاریکم هەبوو دەستکردلە بەرد
پەنجەرەکەی دارو
شووشەکەشی
دەرئاوسێکان رقیان لێم بوو
دەیانشکاند،
ئیتر هەربەو شێوە لێیگەرا بووم.
چەند دەیانگوت:
"بودا دەڵێ: مۆمێك هەڵکە تاکەمۆمێك
رك لە تارمایی هەڵگرە"
قەت قەت نەمویست،
قەتیش نەمکرد،
لەبەرئەوەی ژوورەکەی من
قەبرستانێك بوو قەبرستان
گۆرستانی تیرێژ بوو
گۆرستانی تریفە بوو
چەندگوڵێکی بێکەسیشم تیا ناشت بوون.
سواری ئەسپێکی وەحش بووم و هەر دەمگوت:
دانابەزم...
هۆخەڵکینە چەندە شووشەکەم بشکێنن
دانابەزم...... دانابەزم.
کازیوە بوو
شەولەدوای شەو
لەخەوێدا
پاش ئاودانی گوڵەکانی بەر پەنجەرەم
خێو و جن و گۆڕ و گڕ دەوریان دەگرت!!
دایکم دەڵێم.
بۆمی دەگێراوەو دەیگوت:
دەمخولقێنن...؟!
دەمتۆقێنن....!؟
دەمسوتێنن...؟!

بەڵام رۆڵە بۆ یەك جاریش نەبوو
کە سووتمانەکەم بنێژن!؟
دەیگوت:
جارێکدوو گەڵابووین بە سەر لقی داری عومری ژنانەوەو
و بە فەرمانی سروشتەوەڕوا بووین
ئەوی تەنیشت
پێش لەئەوەی کزە با بێ و هەڵمانوەرێنێ
هەڵوەری!
پێش لەئەوەی سروشت بریار یاسایی دەرکا
جلی گۆری!
پێش لەئەوەی درەخت بمرێ
سیسیان کرد!
پێش لەئەوەی من هەڵوەریم و
دوو بەدوو
دەستی مەرگی کزەبا هەڵمانگرێ و دامانبەزێنی لە عەدەم
هەڵیانوەراند!!!!
نەفرەتی کرد لە جلی خۆی
جلی خاکی بە دوولییەکەوە لەبەری کرد!؟
بەهار هات و
جارێکی دن
بوو بە چرۆ و
بوو بە گەڵا و
زەرد و سیسیان کرد و
ئەم جارەیان کزەباش شەرمی دەکرد
ئەم مسافرە هەڵبگرێ!
ژوورەکەی من
هەروەك وایە گێڕامەوە
بەیانی هات
هەر ئەوەندە تیرێژێکی هاویشت و چوو
هەتاو دەڵێم.
زۆر بەلەز بوو
ئەو هاتبوو رك لە تارمایی هەڵگرم
بەڵام
گوڵی بە روومەت جوان و دەرون پیسی
سەر پەنجەرەی ژوورەکەم کە ئاوس بوو
بەرگی درەختی بێ بەری ناوحەوشەی ماڵەهاوسێ
کە تۆزی مێژووی لێ نیشت بوو
بوونەبەربەست
بوونەبەربەست و هەڵیانمشت
سەدئاخ و داخ
هۆ خەڵکینە

دیسانەوە هەر نامەوێ مۆمێك هەڵکەم
کەس ناهێلێ رك لە تارمایی هەڵگرم
پشتی تێکەم
کەس ناهێڵێ !!؟؟؟